**کۆمەڵێك پرسیاری ئاڕاستەکراو لەسەر بابەتی جودا جودا لەلایەن خوێنەرانی ماڵپەڕی www.serbexo.com وەهەروەها وەڵامەکان کە لە مانگی ئەپریل و مای 2009 بڵاوبوونەتەوە.**

**پرســـار لەلایەن :دانا ڕۆژهەڵاتی**

کاک دوکتۆر بورهان بە خێر بێیت، خۆشحاڵم لە ڕێگەی ماڵپەڕی سەربەخۆ، ئەو شانسەم پێدرا کە ڕاستەو خۆ ئەم پرسیارەتان ئاراستە بکەم.

١.کاک دوکتۆری هێژا ، ساڵێک پێش باس لە بەستنی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی بۆ هەر ٤ پارچەی کوردستان کرا، کە چەند کوردێکی ئاکادیمیکار بەو کارەوە هەڵدەستن، و یەکێک لەو بەرێزانەش جەنابتان بوون.

دوای ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی، هەواڵ بڵاوکرایەوە کە ڕێگا نەدراوە کۆنفرانسەکە ببەسرێت، بەڵام لە چەند حەفتە پێشەوە دووبارە باسی ئەو کۆنفرانسە بە شێوەی دیکە بڵاوکرایەوە، کە گوایا تورکیا و ئێران لە پشت ئەو کارەون، تکایە لەو بوارەوە زانیاریمان پێدەن.

**ڕێکەوتی پرسیارکردن: 2009-04-21 20:22:23**

**سڵاو ئازیزەکەم کاکە دانا رۆژهەڵاتی، بەخێر بێیت** 2009-4-21

**سوپاس بۆ پرسیارتان**

**چاوەکەم ئەوەی راستی بێت بەندە دەمێکە خەریکی بابەتی کۆنفرانس و کۆنگرەی نەتەوەییەم و لەو باوەڕەدام کە هەموو کات کۆبوونەوەی نەتەوەی کورد، بەدەر لە رەنگە ئایدیۆلۆژی و بۆچوونە سیاسی و جیهانبینیە جیاوازەکان، گرنگە لە ژێر یەك چەتر کۆ ببێتەوە. کورد دەتوانی زۆر پێشتر لەوەی کە ببێ بەدەوڵەت مەرج و پێداویستیەکانی بەدەوڵەتبوون بخەملێنێ. . . داخەکەم کولتوری (ئەوەی من پێیدەبێژم ئۆتۆنۆمیزم) لە ناخی زۆرێك لە هێزە سیاسی و سەرکردەکانمان بە قوڵی جێگەی خۆی کردۆتەوە؛ لە راستیدا بە رادەیەك قوڵبۆتەوە کە دەرئەنجام ئەو جۆرە کەسایەتیە بووە بە ئەسیری فکر و کولتور و جیهانبینی ئۆتۆنۆمیزم. لە راستیدا داگیرکەران نەك هەر لە سەر خاکی ئێمەن بەڵکو ڕێك، بە ڕێگەی ئەو ئۆتۆنۆمیزمەوە، ئەو کەسایەتیەی ئەسیر کردوە کە دواجار باوەڕی بە خۆی و تواناکانی نەتەوەکەی نیە. . .**

**دەکرێ بپرسیت ئەو پێشەکیە بۆ؟ بەڵێ لەبەر ئەوەی هەڵگرانی ئەو جۆرە فکرە هەرگیز لەخۆیانڕانابینن لەگەڵ هەنگاوێکی ئەوها پیرۆزی وەك کۆنفرانسێکی نەتەوەیی راستەقینەدا کۆکبن. . . هەڵبەتە کێشەکان زۆرن.**

**بە کورتی، ئێمە وەك دەستەیەك لە روناکبیرانی کوردستانی (ئەو دەستەیەی کە پرۆژەی بەستنی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد) بەر لە ماوەیەك بڵاوکراویەکی تێرو تەسەلی راگەیاند. بە داخەوە دوای چوار ساڵ کارکردن بۆ ئەو کۆنفرانسە و نزیکبوونەوەی وادەی بەستنی، دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان بڕیاری نەبەستنی دا.**

**تکایە مەیلی خۆتانم بۆ بنێرن بۆ ئەوەی روونکردنەوەکەتان بۆ بنێرم، کە لە راستیدا دەتوانێ ببێتە وەڵامێکی تێر و تەسەلی پرسیارەکەتان.**

**مەیلی بەندە لە ماڵپەڕی تایبەتیم بەرچاو دەکەوێ، ئەوە هەر لێرەش فەرموو:**

burhanyassin@hotmail.com

**ئێستا راگەیاندنەکە لە ماڵپەڕەکەمدا لە بەشی پڕۆژە و بەڵگەنامەکان بەرچاودەکەوێت.**

**تێبینی: دەقی پڕۆژەکەی بەر لە چوار ساڵ لە ماڵپەڕی بەندە بەشی پڕۆژەو بەڵگەنامەکان بەرچاو دەکەوێ.**

***هەر بژین، شاد بن، سەرکەوتوو بن***

***سوپاس بۆ پرسیار و لوتفی جوانتان***

**پرســـــار لەلایەن :وریا**

دوای رێز و سەلام.

کاک دوکتۆر بورهان ئایە کۆنفرانسی نەتەوەیی بۆچی گرنگە؟ گرنگی بەستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی لە چیدایە؟

**رێکەوتی پرسیارکردن: 2009-04-22 13:14:16**

**سڵاو کاکە وریا**

**خۆشەویستیم،**

**چاوەکەم وەڵامی پرسیارەکەتان تەنها یەك شێوە وەرناگرێ بەڵکو کەسەکان و لایەنەکان بە شێوازی جودا جودا لەم پریاسیارە نزیك دەبنەوە.**

**سەرەتا حەز دەکەم بڵێم کۆنفرانسێکی ئەوها دەتوانێ زۆر رەهەند لەخۆ بگرێ وە دەشتوانێ تەنیا یەك رەهەند لەخۆ بگرێ.**

**کاتێك دەڵێم زۆر رەهەند ئەوا گرنگترینی ئەو رەهەندانە 1) فیکری، یا تۆ بڵێ ئایدیولۆژی؛2) لێوردبوونەوە و بەدواداچوونی ئەکادیمیانەی کێشە و دۆزی کورد؛ 3) ئاستی سیاسەتە نەتەوەییەکان بە گشتی و سیاسەتی بزاڤی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان؛ 4) وە لەو حاڵەتەشدا کۆنفرانس دەتوانێ ببێت بە سەرچاوەیەکی باوەڕبەخۆبوونی کورد و لە رووی سایکۆلۆژی سیاسیشەوە دەتوانێ ببێتە هۆکارێکی تەکانی نەتەوەیی هەروەها لە رووی نێونەتەوەییشەوە کۆمەڵێك سیگناڵ و هێمای گرنگ دەداتە دەرەوەی خۆمان؛ هەڵبەتە ئەگەر کۆنفرانس بە بەرنامە و تێگەیشتنێکی هەمەلایەنی پێویست بەڕێوە بچێت.**

**دیارە ئەو شێوەیەی کە ئێمە وەك *دەستەیەك لە رووناکبیرانی کوردستانی* کارمان بۆ کرد کۆنفرانسێك بوو کە هەموو ئەو لایەنانەی، کە لە سەرەوە ئاماژەیا پێکرا، لەخۆ دەگرت و وەك پلانیشی بۆ دانرابوو دەبوایە کۆنفرانس راگەیاندنێکی کۆتایی بداتە دەرەوە کە تیایدا کۆمەڵێك پرەنسیپی کوردستانی و سیاسی تر لەخۆ بگرێ. خوازیاری ئەوەش بووین کە ئەو راگەیاندنە ببێ بە سەرچاوەی پەیمانێکی نەتەوەیی کە دەکرا دواتر ببێ بە راستیەکی سیاسی. هەروەها مەبەستیش بوو کە ئەو کۆنفرانسە ببێ بە بنچینەی هێنانەکایەی پلاتفۆر یا خاڵێکی لەیەکتر نزیکبوونەوەی نەتەوەیی کە بەردەوامی هەبێ نەك تەنها دیاردەی یەکجار بێت.**

**شێوەیەکی تری کۆنفرانسی کوردستانی ئەوەیە کە تەنها بۆ مەبەستێکی زۆر تایبەتی و سنووردار بێت وەکو ، بۆ نموونە، ئەوەی کە ماوەیەك بەر لە ئێستا لە رێگەی سەرۆکی هەرێم (مەسعود بارزانی) وسەرۆك کۆماری عیراق (مام جەلال) راگەیەندرا.**

**هەڵبەتە کەس ناتوانێ ئەوە بڵێ کە کۆنفرانسێکی ئەوها دەتوانێ لە سێ—چوار رۆژدا هەموو کێشەکان تاوتوێبکات و لایەنەکان لە سەر هەموو شتەکان رێکبکەون، بەڵام هەرگیز رووداوێکی ئەوها دەبێتە**

سەرچاوەیەکی باوەڕبەخۆبوونی نەتەوەیی و زۆر شتی تر. ئەگەر نا برای ئازیزم، هەر وەك شارەزایەك بەر لە چەند ساڵێك ووتی، ئەگەر وا بڕوات کورد بەرەو ئەوە دەچێ کە ببێ بە چوار گەل، لە بڕی یەك گەل وە هەر ئەو چوار گەلەش لە ماوەیەکی تردا بەرەو حاڵەتی چوار نەتەوەبوون دەڕوا. کێشەی کورد تەنها لەوەدا نیە کە وڵاتەکەی داگیرکراوە بەڵکو کێشەکەی زێتر لەوەدایە کە ئەو داگیرکردنەی بە شێوەیەك مامەڵە کردووە کە ئیتر نەك هەر باس لە رەدکردنەوەی ناکرێ (ئەوە هەڵبەتە بە گشتی) بەڵکو رەدکردنەوەی ئەو داگیرکردنە لە لایەن مام جەلالەوە بە خەونی شاعیران ناوزەد دەکرێ. ئاخر دیارە مام جەلال ئەوەی لەبیر کروە کە ساڵەهای ساڵە وە ئێستاش خەونەکەی شاعیری مەزن ئەحمەدی خانی یەکێك بووە وە ئێستاش یەکێکە لە سەرچاوەی فەهم و ئیلهام بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی. . . ئاخر سەیر ئەوەیە کە مام جەلال خۆشی باش دەزانی وە لەو قەناعەتەدایە کە خەونەکەی ئەحمەدی خانی یەکێکە لە هەرە لوتکەکان کاتێ کە باس دێتە سەرچاوەکانی بیری نەتەوەیی کورد. لەراستیشدا یەکێك لە بزاڤە سیاسی و کۆمەڵایەتیە هەرە گرنگەکانی سەدەی رابردوو، نەك هەر لە ئاستی ئەمریکا، بەڵکو بگرە لە ئاستە هەرە گەردوونیەکەی بوویەردا ئەو بزاڤی رەشەکانی ئەمریکا بوو بە سەرکردایەتی مارتن لۆتەر کینگ وە لە ژێر ووشەی <u>خەون</u> رێکخرا. . .

ئاخر کاتێکیش (تیۆدۆر هێرتزل) لە بەڵگەنامەیەکی زایۆنیدا ئەوەی راگەیاند کە جووەکان دەبێ ماڵێکی نیشتمانی خۆیان هەبێ، ئەوا قسەکەی هێرتزل نەك هەر بە بۆچوونی غەیرە جوو خەون بوو بەڵکوو بە نەزەر زۆرێکیش لە جووەکان ئەوە نەك هەر خەون بوو بەڵکوو خەونێکی شێتانەش بوو. ئاخر ئەوە چۆن خەون نەبوو لە کاتێکدا هێرتزل فەلەستینی کردە مەبەستی ئەو ماڵە نیشتمانیەی جوو تەنها (کەم یا زۆر) 4٪ لە دانیشتوانی فەلەستین جوو بوون!

لەوانەیە هەست بکەیت کە ئەو چەند دێڕەی دوایی زۆر پەیوەندی نیە بە پرسیارەکەتەوە، بەڵام من ئەو پەیوەندیە دەبینم: لە کاتێك دا دوژمن خاکت داگیر دەکات سەرکردەیەکی کورد نەك هەر خەباتی رزگار بوون لەو داگیرکەریە بە خەیاڵ دەزانێ بەڵکو خەوندیتن بە رزگاربوونیشی لێ حەرامدەکات. گرنگە هەموومان، وە بەر لە هەموومان مام جەلال، ئەوە بزانین کە بە خەیاڵاندنی بیری سەربەخۆیی 1) گیانی سەدان هەزار ئەوانەی ئەمڕۆ لەژێر خاکدان و لە ژیانیاندا باوەریان بە سەربەخۆی هەبووە بگرە خۆیان یا ئازیزترین کەسیان لەم رێگایەدا بەختکردوە، ئەزیەتدەدا؛ 2) هەڕەشەیەکی ناڕەوایە بۆ سەر و بێرێزیە بە هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ بە قەناعەتێکی تەواوەوە باس لە سەربەخۆیی دەکەن و خەباتی بۆ دەکەن؛ 3) لەوەش خەراپتر بەم خەیاڵاندنە نەك هەر ئیرادەی سەربەخۆبوون لە لای نەوەی هەنووکەدا دەخاتە ژێر نیشانەی پرسیار بەڵکو ئەو خەونە لە نەوەی داهاتووش حەرام دەکات. ئەگەر نا مام جەلال دەیتوانی بڵێ کە راستە ئێمە ئەوڕۆ بۆ سەربەخۆیی کار ناکەین بەڵام ئەوە بە تەواوەتی مافی نەوەی سبەینێیە کە لە سەر رێچکەی خەباتی ئەمڕۆ بەردەوام یا داوای ئازادی و سەربەخۆیی بە تەواوەتی بکا! ئەگەر مام جەلال چاوی لەوەیە بە هەندێك سەروەریەوە ئەم ژیانە جێبێڵێ ئەوا هەرچی زووە ئەو هەڵەیە مێژوویەی (هێرشی ناڕەوا بۆ سەر بیری سەربەخۆیی) راستکاتەوە !

راستە سەرچاوەکانی رەوشەنبیری مام جەلال هەندێ شاعیری عەربن وەك موتەنەبی و رەسافی و بە تایبەتیش جەواهیری، بەڵام ئەم سەرکردەیە ئەوەی لەبیرکردوە کە ئەمڕۆ نەوەیەك لەسەر پێیە لە باشووری

**کوردستان کە نەك هەر سەرچاوەی ڕەوشەنبیریان ئەو شاعیرانە نین بەڵکو بگرە بە ناو و زمانەکەشیان تەواو نامۆن. جا بۆ ناکرێ خەونی مام جەلال و ئەو نەوەیە تەواو لە یەکتر جیا بن؟ لە ڕاستیدا دوارۆژ زیاتر هی ئەم نەوەیەیە نەك هی مام جەلال !**

**کۆنفرانسێکی کوردستانی ڕاستەقینە (هەڵبەتە ڕاستەقینە نەك شتێکی تر) و دەربڕی ئیرادەی کورد بە خۆی نەك ڕێکخراو بە ئیرادە و خواستی داگیرکەر، دەتوانێ هەر نەبێ ببێتە سەکۆی گوزارەش لە خەونی نەتەوە و زیندوو ڕاگرتنی ئەو خەونەو کاراکردنی ئیرادەکەی.**
**تکایە بۆ بۆچوونی دەستەیەك لە ڕووناکبیرانی کوردستان (کە خۆشم یەکێکم لەو دەستەیە) دەتوانی تەماشای ئەم ڕاگەیاندنە بکەیت لە ماڵپەڕی تاکەکەسیم، لە بەشی پرۆژە و بەڵگەنامەکان:**
www.burhanyassin.com

***هەر بژین، شاد بن، سەرکەوتوو بن***
***سوپاس بۆ پرسیار و لوتفی جوانتان***

**پرســـــار لەلایەن :هەرێم دەربەندی**
کاک دوکتۆر بورهان، ماندوو نەبیت فەرموو لەگەڵ ئەم پرسیارانە
١. بە بۆچوونی بەڕێزتان کێشەی کەرکوک بەرەو چ ئاکامێک دەچێت، ئایا کورد بە دەستی دێنێتەوە یانە ؟.
٢. تۆ چۆن دەڕوانیتە ئەم قەیرانانەی نێو حیزبەکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ڕۆژانە ئینشقاق ڕوو دەدات.
٣. پێتان وانییە کە ئەگەر کورد بە تایبەت لە باشور لە پاش ڕووخانی ڕێژیمی بەعس داوای سەربەخۆیی بکردایە، ئیستا بە چاوێکی دیکە لە کێشەی کورد دیان دەڕوانی، مەبەستم ئەوەیە کە کێشەی کورد گەورەتر دەبوو لە ئاست جیهاندا.
٤. ئایا کورد توانیوێتی سەرنجی دەسەڵاتی جیهان بۆ پشتگیری خۆی ڕاکێشێ؟
سوپاس
**ڕێکەوتی پرسیارکردن: 2009-04-22 18:28:10**

**سڵاو کاکە هەرێم دەربەندی**
**کاکە هەرێم، چاوەکەم ئەم پرسیارانە وەڵامی دوور و درێژ دەخوازن، بەڵام پێویستە بە پێی توانا وەڵامەکانم کورتبکەمەوە.**
**وەڵامی پرسیاری یەکەمت:**
**سەرەتا: 1) کورد لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هیوای زێتری بە گەڕانەوەی کەرکوك هەبوو لە ئەمڕۆ؛ 2) بە پێی ئەو ڕێی و شوێنەی کە سەرانی کورد لە باشوور گرتیانە بەر نەك هەر لە دوای کەوتنی دکتاتۆرەوە بەڵکو بەر لە کەوتنیشی ئەو سەرانە بەڵگەنامەیەکی زۆر گرنگیان مۆرکرد (کە ئەویش ڕاگەیاندنی کۆنفرانسی لەندەن بوو لە دیسەمبەری 2002). بە پێی ئەو بەڵگەنامەیە، زۆر بە کورتی، کوردستانیبوونی کەرکوك و ناوچەدابڕاوەکانی تریش لە حاڵەتی یەقینی کوردستانیبوونیان خرانە حاڵەتی گومان. لە ڕاستیدا کەس لەسەر ماڵ و موڵکی خۆی ئامادە نیە لەگەڵ لایەنێك یا کەسێکی تر ئەو مڵك و ماڵە بخاتە دەنگدانەوە. ئاخر پرەنسیپی ئەو دەنگدانە وا دەکات کە ئەو مڵك و ماڵە چەند هی تۆیە ئەوەندەش هی ئەوە، بەو مانایەش لە ئاکامی**

دەنگداندا چەند ئەگەری هەیە ببێتە هی تۆ ئەوەندەش ئەگەری هەیە ببێتە هی ئەویتر؛ 3) لایەنی کوردی چووە بەغدا و دەوڵەتی عیراقی بۆ عەرەب درووستکردەوە بۆ ئەوەی دوایی بچێت داوای کەرکوك و ناوچەکانی تر لە هەمان دەوڵەت بکاتەوە؛ 4) لە باشترین حاڵەتدا ئەگەر کەرکوك و ناوچەکان لەدەستیش نەچووبێت ئەوا بێگومان گەڕانەوەیان کەوتۆتە شەك و گومانێکی زۆرەوە. هەڵبەتە لێرەشدا دەبێ ئەوە بڵێین کە هەموو دەرفەتێکیش لەدەست نەچووە، بەڵام لە مێژووی میللەتاندا دەرفەت هەموو ڕۆژ نایەتە بەردەرگا، کە هاتیش دەبێ بەو پەڕی دلسۆزی و کارامەیی سوودی لێوەربگریت؛ 5) ئەو دەرفەتەی بۆ کورد هەر لە 1991، وە بە تایبەتی دوای کەوتنی دکتاتۆر، هەڵکەوت کەوتە بەر زەبر و گورزی پارتی و یەکێتی تا قۆزتنەوەی. ئاخر هەر بەر لە چەند ڕۆژێك بە مانشێتێکی گەورە ڕاگەیاندنێکم خوێندەوە کە بە ناوی ئاسایشی پارتی (نەك ئاسایشی کورد یا هی حکومەتی هەرێم) لە کەرکوکەوە درابوو. ئەوەی ڕاستی بێت سەرئێشەی هەرە گەورەی پارتی و یەکێتی بەرژەوەندیە تەسکە حیزبیەکانیانە، کە نەك بەم شێوەیە چاوەڕێی دەسکەوتی گەورە ناکرێ، بەڵکو بەم جۆرە عەقلیەتە دوور نیە پاپۆڕی کورد بەرەو غەرقبوون ببەن تا گەیاندنی بە کەناری ئارامی.

لە ڕاستیدا بەندە بابەتێکم بەر لە ماوەیەك بڵاوکردەوە دەربارەی کێشەی کەرکوك گەر کاتت هەبوو تکایە چاوێکی لێبکە. بابەتەکە بە ناوی (دیپلۆماسی دوو هێڵی هاوتەریب بۆ نزیکبوونەوە لە کێشەی کەرکوك)ە و بابەتەکە لە ماڵپەڕەکەم بەشی کوردی (بە کوردی) بەرچاو دەکەوێ:

burhanyassin.com

وەڵامی پرسیاری دووەمت:

وەڵامی ئەو پرسیارە هەروا ئاسان نیە وە ناکرێ بە ئاسانیش هەندێ دەرەنجام و بنەما بخەینە ڕوو کە بۆ هەموو جێگەو حاڵەتێك بگونجێن.

هەڵبەتە ناکرێ ئەوە لەبەرچاو نەگرین کە هەندێك جار پاشکۆ و جیهانبینیە ئایدیوچلۆژیەکان مەسەلەیەکی گرنگن، بەڵام بە هەر حاڵ باوەڕم وایە هەندێك هۆی گرنگ هەن کە دەبێ لەبەر گرنگی و دووبارەبوونەوەیان جختبکرێنەوە:

1) حیزبایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی لە حاڵەتی دژایەتیەکی زۆر توند لەگەڵ خۆیدا دەژیت. ئەم دژایەتیەش لە ئاکامی تێکەڵاو بوون و بگرە هەندێك جاریش یەکبوونی ئەو دژایەتیانەیە. بە شێوەی سەرەکی ئەم دژایەتیە دەربڕە لە ئامادەیی توندی بنەما تەقلیدیەکانی کۆمەڵگا (بنەماڵە، خێڵ . . . هتد) لە لایەکەوە وە چوارچێوە هەرە مۆدێرنەکان (دەوڵەتی مۆدێرن، حیزب و . . هتد) لە لایەکی ترەوە. بەم مانایە زۆر جار پەرتەوازەیی سیاسی و حیزبی دەربڕی بنەما تەقلیدیەکانی پێکهاتە و ڕێخراوەیی کۆمەڵگایە تا ململانێی چینایەتی و ئایدیۆلۆجی. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەم پەرتەوازەییانە بە هەندێك چەمکی فیکری و ئایدیۆلۆژی و جیاوازی لە پرۆگرامی سیاسیدا دەڕازێندرێتەوە، . . . زۆر بە کورتی تا ئەمرۆش کۆمەڵگەی کوردەواری لە ناو قەیران و کێشەکانی ململانێی بنەماو بەها تەقلیدیەکان لەلایەك وە چوارچێوە مۆدێرنەکان لە لایەکی ترەوە دەژیێ.

2) بە کەسێتیکردنی سیاسەت و ململانێکان: زۆر جار کاتێك کە چوارچێوەیەکی سیاسی لە کەمترین بنەماکانی کار و کولتوری دیمۆکراسی نامۆ بوو، کەسەکان و سەرۆکەکان دەبن بە خودی حیزب. ئەم حاڵەتە ناسروشتە زۆر ئەسبابی پەرتەوازەیی لاوازبوونی کاری بەکۆمەڵ لەخۆ دەگرێ.

3) لاوازیی پرەنسیپی کوردستانییبوونێکی راستەقینە: هەڵبەتە دەڵێم راستەقینە چوونکە زۆرن ئەوانەی جاڕی کوردستانیبوون لێدەدەن، بەڵام لە راستیدا کوردستانیبوون ئەوە نیە کە رۆژانە لە سیاسەتە کوردیەکاندا دەیبینین و هەستی پێدەکەین. . . ئاخر ئێمە دەتوانین پرسیارێکی یەکجار جددی بکەین ئەویش ئەوەیە ئایا ئەگەر دوو حیزب بە راستگۆیی کوردستانی بن وە چەکهەڵگرەکانیان بۆ یەك ئامانج چەکیان هەڵگرتبێ، چۆن دەکرێ ئەو دوو حیزبە و ئەو چەکدارانە دەستیان بچێتە کوشتنی یەکتر، نەك هەر ئەوە بەڵکو کوشتنی بەربەریانەی رەشبگری، کە نزیك دەبێتەوە لە پاکتاوکردنی یەکتر، نموونەکانی شەڕە بەدناوەکەی هەکاری (کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو) و شەڕە خۆکوژیەکەی ساڵی 1994 -1998ی پارتی و یەکێتی و زۆر نموونەی تر شاهیدی بەڵگە نەویستی ئەو حاڵەتەن. لە کوردستانیبوونێکی راستەقینەدا کە لەوێدا ناوەڕۆکی مەبەستەکانی سیاسەتکردن وەسەرخستنی نەتەوەیە هیچ جێگایەك بۆ یەکتر رەفزکردن و بگرە لەوەش خەراپتر یەکتر فڕکردن نامێنێتەوە. لە راستیدا لە کوردستانیبوونێکی راستەقینەدا پانتایی نەتەوە هی هەموو کەس و گروپەکانی ئەو نەتەوەن. کوردستانیبوونێکی راستەقینە هیچ جۆرە پاوانخوازیەك، جا بە هەر بەهانە و ناوێکەوە دەبێ با ببێ، قەبووڵناکات بەڵکو هەر جۆرە پاوانخوازیەکیش کە لە ناو وە لەسەر ئەو پانتاییە روودەدات بە دیاردەیەکی نێگەتیف و تێکدەری دەزانێت. ئاخر ئەگەر هەمووان پڕ بە مانای ووشە کوردستانین ئەوا جێگەی هەمووان، کەس و گروپ و حیزب و هتد، لەسەر ئەم پانتاییە دەبێتەوە.

4) لاوازی و کزی باوەڕبوونی راستەقینە بە پرەنسیپی دیمۆکراسی: لەم رووەوە دەمێکی زۆرە ئەوە جەختکراوەتەوە کە تا ئێستە رووینەداوە دوو دەوڵەتی بە سیستەم دیمۆکراسی چووبنەتە شەڕ بەرامبەر بە یەکتر. ئەی ئەوە چۆنە دوو حیزبی کوردی کە هەردووکیان خۆیان بە حیزبی دیمۆکراتی دەزانن بەڵام لەو پەڕی خوێنڕێژیدا ململانێکانیان یەکلاییدەکەنەوە. دەبێ ئەوەش جختبکەینەوە کە ئەو لاوازی بە دیمۆکراسیبوونی راستەقینە لە سێ ئاستدا خۆی دەردەبڕێ:

1- لە پەیوەندیە ناوخۆییە ناتەندروستەکانی ناو حیزبەکاندا؛ 2- لە پەیوەندی حیزبەکان لەگەڵ یەکتردا؛ 3- لە پەیوەندی حیزبەکان لەگەڵ کۆمەڵگا و دەسەڵات و . . . هتد.

5) تەماحی گرتنە دەستی دەسەڵات کاتێکیش دەسەڵات بەدەست هات لە لایەن کەسانێکەوە قۆرخدەکرێ وە بە ئاسانی دەستاودەستی پێناکرێ.

وەڵامی پرسیاری سێهەم:

ئەم پرسیارە زۆر گریمانەییە و ئاسان نیە هەڵوەستە وەرگرتن لێی. بە هەر حاڵ هەر لە دوای کەوتنی سەدام کورد دەرفەتێکی گەورەتری لەدەست بوو لەوەی کە سەرانی کورد لە باشوور لێیگەیشتن. ئەم بەهەڵە خوێندنەوەیەش هەر وا بە ئاسانی لێیحاڵێنابین ئەگەر بۆ نموونە بڵێین (ئاخر ئەمریکا لەوەی زێتری لە کورد قەبووڵنەدەکرد، واتە قەبووڵی نەدەکرد کورد داوای زیاتر بکات). بەر لە هەر شتێك ئەوە تەواوی بوونی ئیرادەی کورد خۆی، وەکوو نەتەوە، دەخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە و بگرە بێ بەهاشی دەکات. بە هەر حاڵ من لەوە پشتراستم ئەگەر بهاتایەو کورد لە ئاکامی بزاڤی ریفراندەم وەعدێکی دوو دانە وشەیی لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەگرتایە بە مانای (کوردیش مافی ریفراندەمیان هەیە) ئەو وەختە و دواتریش سەنگی کورد لە گەمە سیاسی و دیپلۆماسیەکاندا زۆر زێدەتر دەبوو. بۆ مێژوو دەڵێم شکستی بزاڤی ریفراندەم دەستکردی پارتی و یەکێتی بوو.

باوەڕم وایە هەر نەتەوەیەك لە راپرسیەکی نارەسمیدا بە رادەی 98٪ دەنگی بۆ سەربەخۆیی خۆی بدایە ئەوا سەرکردەی ئەو نەتەوەیە بە شێوەیەکی کارامەتر بەکاریدەبرد وەکوو کارتێکی فشاری دیپلۆماسی لە ئاستی جیهانی و عیراقیدا. لەراستیدا کوشتنی دەنگی سەربەخۆ و ئارەزووی سەربەخۆبوون لە لای خەڵکی باشووری کوردستان گەورەترین رۆڵی هەبوو لە بێچارە نمایشکردنی کورد لە هەموو ئاستەکاندا و بگرە بێچارەکردنیشی لە ئاستی سیاسەتی عەمەلیشدا.

لەوانەیە بزانی کە بەندە یەکێك بووم لە چالاکوانانی بزاڤی ریفراندەم و هەر زووش وتارێکم لە رۆژنامەی *هاوڵاتی* بلاوکردەوە بە ناوی لە ریفراندەمدا کوردستانێکی سەربەخۆ. هەروەها دواتریش وتارێکی دوور ودرێژم بە ناوی رەوتی ریفراندەم لە کوێوە بۆ کوێ بلاوکردەوە. لەم وتارەشدا تواناو ئەگەرەکانی بەکاربردنی ئامرازی ریفراندەمم لە مەسەلەی سەربەخۆییدا باسکردووە. تکایە بۆ بەدواداچوون تەماشای ماڵپەڕی تاکەکەسیم بکە.

**وەڵامی پرسیاری چوارەم:**

**بەڵێ تا رادەیەك، بەڵام دەیتوانی زۆر زێتر بێت.**

***هەر بژین، سەرکەوتوو بن***

***سوپاس بۆ پرسیارەکانت***

**پرســـــار لەلایەن :ئالان ئەحمەدی**

بەرێز دوکتۆر بورهان یاسین بە خێر هاتنی گەرمتان دەکەم.

١. ئایا هۆکاری چی بووە بەرێزتان وەک مامۆستای زانکۆ لە کوردستان کار ناکەن، ئایا پێتان وانییە زانکۆکانی کوردستان پێویستیان بە تۆیە؟

٢. تۆ چی میکانیزمێک بۆ سەربەخۆیی گەلی کورد بە باش دەزانی ؟

٣. بە بۆچوونی بەڕیزتان هەموو کورد خەبات بکات بۆ یەک کوردستانی سەربەخۆ، یا هەر بەشەو خەبات بکات بۆ سەربەخۆیی بەشی خۆی، واتە لە باتی یەک کوردستان بۆ ٤ کوردستان بێت، لەم بوارەوە و قسەو بۆچوونی جیاواز زۆرە، تکایە ئێوە لێکدانەوەی خۆتانمان پێ بڵێن.

سوپاس

**رێکەوتی پرسیارکردن: 24-04-2009 11:32:02**

**سلاو کاکە ئالان ئەحمەدی**

**چاوەکەم فەرموو هەوڵ دەدەم پرسیارەکانت وەلامبدەمەوە**

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:**

ئەم پرسیارە دەکرێ زۆر شەخسی بێت، بەو مانایەی هەر یەکێك لە ئێمە بارودۆخی تایبەتی (تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی) خۆی هەیە. لە لایەکی ترەوە وانەبێ من هەوڵی گەڕانەوەم نەدابێت بەڵام باوەڕ ناکەم بەرامبەر وەرگرتنی کار لە دانیشگایەکی کوردستان ئامادە بم بەشێکی کەمیش لەو ئازادیەی لێرە هەمە سازشی لەسەر بکەم. لە راستیشدا دوای لە نزیکەوە ئاگاداربوونم لە کەشوهەوای خوێندن و ژیانی کوردستان بە باشم زانی

یاخود زەرووری بوو ئەو هەنگاوە نەهاوێژم. لە وڵاتێکدا کەسێکی زانای وەك د. عەباس وەلی، بە رەفتارێکی ناشرین و کودەتا ئامێز، لە سەرۆکایەتی زانکۆی کوردستان لابردرێت، ئەوا دەبێ خەڵکی وەکوو منیش دەرسێك لەم بەسەرهاتە فێر ببێ. دواجار بێکار نیم و دوای کاریش ناگەڕێم !

وەڵامی پرسیاری دووەم:

لە پرسیارەکەت زۆر پشتراست نیم (ئایا بە باشی لێی حاڵیبووم یا نە). بە هەر حاڵ وا دەزانم مەبەستت ئامرازی خەبات بێت. ئەگەر وایە خەباتە تەقلیدییەکەی چەکداری بەرامبەر بە خەباتی سیاسی (بە ئامرازی تر غەیرە چەك) بەرامبەردەکرێتەوە و بەراوردیان لە نێواندا دەکرێ بۆ ئەوەی دواجار یەکێکیان هەڵبژێرین؛ هەر چەندە لە جەدەلێکی فیکریدا هەرگیز ئەوە جختکراوەتەوە کە چەك و سیاسەت دوو دیوی هەمان دراون وە بگرە یەکێکیان بەردەوامیە بۆ ئەوی تر. وەك کلاوسۆڤیچ دەڵێ شەڕ بەردەوامی سیاسەتە بە ئامرازی تر وە بیناکراو هەر لەسەر ئەم بۆچوونە ماوتسی تۆنگ دەڵێ سیاسەت شەڕێکی ناخوێناوییە و شەڕیش سیاسەتێکی خوێناویە. .

بە هەر حاڵ من باوەڕم وایە دەمێکە خەباتی چەکداری (لە پەیوەستەگی کوردیدا) گرنگی خۆی لەدەستداوە. کاتی ئەوەش هاتووە پانتایی خەبات فراوانبکرێ و بەو مانایەش لە بڕی ئەوەی تەنها ئەوانەی لە شاخن بە خەباتگێڕ و رزگارکەری کورد بێنە حسێبکردن، هەموو مەیدانەکانی گۆڕان و گەشەپێدان و وەپێشخستنی کۆمەڵگا و ناسنامە و کولتور و باوەڕ بە کەسایەتیبوونی کورد و دیپلۆماسی کوردی و. . . هتد وەك مەیدان و سەکۆی خەباتی راستەقینە ببینرێن و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت.

لەو باوەڕەدام لە مەسەلەی سەربەخۆییدا باسکردن لە ئامراز چەند گرنگە ئەوەندەش، و بگرە زیاتریش، رەهەندی ئایدیۆلۆژی و پرۆگرامی سەربەخۆخوازی گرنگە.

بە هەر حاڵ باوەڕم وایە لە ریفراندەم و بەکارهێنانیدا وەك دیوەکەی تری مافی چارەیخۆنوسین (وەیا ئەو مافە لە حاڵەتی پراکتیزەکردنیدا) نەك هەر ئیرادەی نەتەوە بەڵکو ئیرادەی تاکەکانیش بەرجەستە دەبێت. باوەڕم وایە زوو یا درەنگ بزاڤی سیاسی کورستان بیرۆکەی ریفراندەم دەگرێتە خۆ و دەیکاتە ئامرازێکی کارای خەبات. . .

وەڵامی پرسیاری سێهەم:

لەو باوەڕودام ناکرێ هەروا بە ئاسانی یەکێکیان بسڕینەوە بۆ ئەوەی تەنها ئەوەی تریان بکەینە مەنهەج و پرۆگرامی خەباتی کوردایەتی. . . زۆر بە کورتی و بە چڕی سڕینەوەی یەکێ لەو دوو شێوە مەنهەجە جارێ بەر لە هەر شتێك دەتوانێ هەڵوەستەیەکی ئەوپەڕی نادیموکراتیانە بێ وە هەروەها لە رووی کوردستانییەوە دەکرێ ببێتە هۆی دابڕینی بەشێکی گرنگ لە کۆمەڵگەی کوردەواری و ئەو بەشە وەدەردەنێ لە پانتایی نەتەوە. بەم مانایەش من ناخوازم مەسەلەکە لە دیدی رەشوسپیکردنی شتەکانەوە ببینم. بە مانایەکی تر لەو جێگەیەی کە دەرفەتی رزگاربوونی بەشێکی کوردستان هەبێ ناکرێ ئەو دەرفەتە نەقۆزیتەوە و ئەوە مومکن نەکەیت بە بەهانەی ئەوەی کە داوای سەربەخۆیی تەواوی کوردستان دەکەیت.

لە لایەکی ترەوە بە بڕوای خۆم بزاڤی ناسیۆنالیستی کوردستان ئەگەر دەخوازێ سوود لە هەموو وزەو تواناکانی نەتەوە وەرگرێ دەبێ ئەوپەڕی گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستەکان و تەحەدداکانی هەنووکەمان.

لەوەش زێتر، ئەم بزاڤە ئەگەر دەخوازێ بە تەواوی هێز و توانا و وزەی نەتەوە بەرەو رووی داهاتوو ببێتەوە ئەوا باشترین شێوە و ئەو ئامادەکاری و خۆخەملاندنە ئەوەیە کە ئەم بزاڤە خۆی لەوە دوور بگرێ کە خۆی یەکڕەنگ بکات بەو مانایەش زۆر گرنگە ئەوانی باوەڕیان بەوەیە کە ئیتر کورد دەبێ تەنها و تەنها (هەر یەکە و لە بەشەکەی خۆی کوردستان) تێبکۆشێ نەك هەر پێویستە رێز دابنێن بۆ ئەوانەی کە لە باوەڕی ئازادبوونی تەواوی کوردستانی مەزن دان بەڵکو خۆشیان بەردەوام ئەوە جختبکەنەوە کە کورد یەکە و کوردستان یەکە و بەدەوڵەتبوونی کوردستانی مەزنیش زوو یا درەنگ دەبێ بێتە دی. بەم شێوەیە ستراتیژێك کە دەتوانێ هی **"نەفیکردنی پۆزەتیڤانە یا قەبووڵکردنی نێگەتیڤانە"** بێت. بە هەر حاڵ لەگەڵ ئەوەشی کە روونکردنەوەی ئەم چمکە کات و جێگەی زیاتری دەوێت بەڵام زۆر بە چڕی هەوڵدەدەم ئەم چمکە روونبکەمەوە:

1) لەکاتێکدا بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی یا هێزێکی کوردستانی نەفی ئەوە دەکات یا رەفزی ئەوە دەکات کە خەبات بۆ ئۆتۆنۆمی یا فیدراڵی بکات بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو کەس یا هێزەی تری قەبووڵە کە خەبات دەکات بۆ فیدراڵی یا ئۆتۆنۆمی، ئەوە رێك ئەو کوردستانی بوون و دیمۆکراتیبوونی بزاڤی سیاسی کوردستانە لە ماهیەت و ناوەڕۆکە ئایدیۆلۆژی–سیاسیەکەیدا.

2) لەکاتێکدا تاك یا هێزێکی کوردستانی خەبات دەکات بۆ وەدەستهێنانی مافی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی یا فیدراڵیدا، دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگرێ کە ئەوە دەخزێتە قاڵبی قەبووڵکردنی دابەشبوونی کوردستان و پەرتەوازەیی مێژوویی نەتەوەی کورد و پارچەبوونی لە چەند گەلێکی یا نەتەوەیەکی جیاوازدا. لەبەر ئەوە ئەگەر داوای ئۆتۆنۆمی یا فیدراڵی داواکاریی ئەوڕۆ بێت وە وەك قەبووڵ و بە شەرعیکردنی حاڵەتی بە داگیرکراوی و دابەشکراوی کوردستان بخوێندرێتەوە ئەوا گرنگە، هەر نەبێ لە حسێب و رێزگرتن لە نەوەکانی سبەینێ، ئەوا گرنگە مەسەلەی بوونی یەك کوردستان و یەك نەتەوە و هەرنەبێ جختبکرێتەوە. بەو مانایەش گرنگە رێزگرتن لە بیرۆکە و خواستی ئازادی کوردستانی گەورە بەشێکی گرنگی گوتاری سیاسی ئۆتۆنۆمیخواز یا فیدراڵیخواز بێت، جا ئەوانە تاکە کەس دەبن یا هێزی سیاسی).

کەواتە لە کورتکردنەوەی ئەوەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کە "نەفیکردنی پۆزەتیڤانە یا قەبووڵکردنی نێگەتیڤانە" ستراتیژێکە کە هەم رووی لە ناوەوەیە و هەم رووی لە دەرەوەیە.

***هەر بژین، سەرکەوتوو بن***

***سوپاس بۆ پرسیارەکانت***

## پرســـــار لەلایەن: jihad Muhammad

بەڕێز دکتۆر بورهان پاش سڵاو و رێز

ئەمڕۆ لە باشوری کوردستاندا، ئەوەی کە جێگەی باسوخواسە گەرموگوڕەکانە هەڵبژاردنەوەی جارێکی تری پەرلەمانی کوردستانە، ئەم هەڵبژاردنەش جارێکی دی کاری گەری دەبێت لەسەر چارەنوسی گەلی کورد بە گشتی و باشوی کوردستان بە تایبەت، هەتا پەرلەمان کارا و بوێر و دوور بێت لە دەستێوردانی حیزبایەتیەوە و سەربەخۆبێت و بەرژەوندی گشتی بخاتە پێش بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیەوە، ئاوڕێکی جددی بداتەوە لە ژیانی خەڵک و لە پاشەڕۆژی کورد و کوردستان ئەو ە گەلی کورد گەشبین دەبێت و قازانج دەکات و پێچەوانەکەشی ڕاستە. دیارە هەر بۆیەش خەڵک زۆر دڵیان بە دروستبوونی کۆمەڵیک لیستی سەربەخۆ خۆشە وەک کێبرکێیەک لەگەڵ دەسەلاتێکدا کە ڕخنەزۆرە لەسەری پرسیاری من ئەوەیە بۆچی ئەم لیستانە لەم کاتە هەستیارەدا لەم هەموو متمانە و باوەڕەی کە

بەدستیان هێنا پێشوەخت ، کەچی لە پێشێلکردنی هەندێک لە پرنسیپە دیموکراتیەکانی وەک مافی هەڵبژاردندا یەکیان گرتەوە لەگەڵ دەسەڵاتدا، یان نقەیان لێوە نەهات لە پێشێلکردنەکانی ئەو مافانەدا لە لایەن کۆمسوێنی باڵای هەڵبژادنەکانەوە وەک:

1/ درووسبوونی لیستی داخراو، کە دەبوایە لیستە سەربەخۆکان قبوڵیان نەکردایە.

2/ پێشێلکردنی مافی دەنگدانی کوردەکانی ئەوروپا، دیسان قبوڵکردن لە لایەن لیستە سەربەخۆکانەوە کارێکی خراپ بوو تەنانەت بۆ خۆشیان، لای من وایە مادەم بەرهەڵسکاری ئەم پێشێلکارییەیان نەکرد کەواتە لیستە سەربەخۆکانیش بەشداربوون لەو پێشێلکارییەدا.

3/ کەمی ماوەی خۆ تۆامرکردنی لیستەکان کە تەنها 10 رۆژ بوو، لە دواییدا 3 رۆژی تریان بۆ زیادکرد، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە هەندێک لیست زیانیانلێکەوت و وەک فێڵێک وابوو کە کرا، بۆچی لیستە بەهێزە سەربەخۆکان قبوڵی ئەمەیان کرد،ئایە ئەمانیش هەر وەک دەسەڵات بیاریان کرۆدەوتە کە تا دەنگەکان دابەش نەبن زیاتر باشترە بۆ ئەمان؟!!!

4/ ئەو برفە پارەییەی کە دانراوە بۆ لیستەکان کە پاریەکی زۆر بوو، لیستە بەهێزەکان پارەدارن، بەڵام لیستە تەکنۆقرات و رووناکبیرەکان پارەدارنین و ئەمان زیانیانلێکەوت، ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە لیستە سەربەخۆ بەهێزەکان(ئەو لیستانەی وا دەردەکەوێت پێگەی بهێزیان هەیە و هەندێکیش پارەدارن) مسداقەیەتی خۆیان بدرۆرێنن پێش هەڵبژاردن.

دووبارە ریزم بۆت هەیە.

جیهاد موحەمەد حەمەکەریم

66989185 0047

95967838 004

**ڕێکەوتی پرسیارکردن: 24-04-2009 13:03:24**

**سڵاو کاکە جیهاد**

**چاوەکەم فەرموو، هەوڵ دەدەم پرسیارەکانت وەڵامبدەمەوە**

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:**

**من لەم پرسیارە زۆر پشتڕاست نیم. چوونکە ئەو کاتەی ئەم پرسیارەتان کردووە هێشتان لیستە "سەربەخۆکان" رانەگەیندرابوون جا چ جای ئەوەی قەبوولکرابوون. چوونکە تەنها چەند رۆژێك بەر لە ئێستا قەبوولی رەسمی لیستەکان راگەیەندرا. لە لایەکی ترەوە لێرە و لەوێ دەنگ و قسەی ناڕەزایی و رەخنە و تێبینی لەسەر ئەو بڕیارەی پەرلەمان کراون. بە هەر حاڵ لە بارەی بۆچوونی خۆشم لەسەر هەڵبژاردنەکان وا خەریکە وتارێکم بڵاو دەبێتەوە وە لەوێدا بە راشکاوی وە بە شێوەیەکی رخنەگرانە بۆچوونی خۆم خستۆتە ڕوو. زۆر بە کورتی و زۆر بە چڕی بڕیاری لیستی داخراو پەڵەیەکە بە کولتوری سیاسی دەسەڵاتەوەو بێڕەنگکردن و کاڵکردنی پڕۆسەی دیمۆکراسیە لە کوردستان و بێبەهاکردنیەتی.**

**وەڵامی پرسیاری دووەم:**

**هەروەك وەڵامی سەرەوە (دەربارەی کاتی خستنەڕووی پرسیارەکەتان)، هێشتان زوو بوو باسبکرێ لە لیستی سەربەخۆ. هەڵبەتە ئەوە پێشێلکاریە بەرامبەر کوردستانیانی دەرەوە دەکرێ. ئەوەی پەیوەندی بە بۆچوونی**

خۆمەوە هەیە، ئەگەرچی پرسیارەکەت دەربارەی بوچوونی تاکەکەسی خۆم نیە، زۆر زوو بەر لە هەڵبژاردنەکەی 1992دا بە نووسراو پێشنیارێکمدا بە بەرەی کوردستانی بۆ بەشدارکردنی کورد لە دەرەوەی وڵات لە هەڵبژاردنەکان بەڵام بە بەهانەی ئەوەی هەندێك رێگری "تەکنیکی" هەیە لەبەر ئەوە ناکرێ کوردانی دەرەوەی وڵات بەشدار بن لە هەڵبژاردنەکان. بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا دوای 17 ساڵ لەو پێشنیارە ئەوە چۆنە تا ئێستا، لەو هەموو ماوەیەدا، ئەو ئاستەنگە تەکنیکیانە چارەسەر نەکراون.

وەڵامی پرسیاری سێهەم:
هەروەك لەو وتارەی چاوەڕوانکراومدا (کە لەم دوو – سێ رۆژی داهاتوو بڵاودەبێتەوە) جختمکردۆتەوە هەر لێرەش دەیڵێم ئەمە لادانێکی ئاشکرا بوو لە یاسا و رێساکان و هەوڵی دەسەڵات بوو بۆ بەکارهێنانی بڕیار لەسەر کاتی هەڵبژاردنەکان وەك رەهینەیەك. ئێستاش لەگەڵ ئەوەشی کە کاتەکە دیاریکراوە مانای وانیە مەترسیەکان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن کۆتاییان هاتووە. بە بۆچوونی خوشم مەترسی جددی هەن نەك هەر لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بەڵکو بگرە لەسەر تەواوی پرۆسەی سیاسی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەگەرانەی کە دوای هەڵبژاردنیش دێنە گۆڕێ. . .

وەڵامی پرسیاری چوارەم:
ئەسلەن مەسەلەی بودجەی هەڵبژاردن نەك هەر یاریەکی ئاشکرای دەسەڵات بوو، کە بە باوەڕی خۆم تا ئێستاش (ئەمڕۆ 6-5-2009)ە ئەم یاریە تەواونەبووە، بەڵکو کێشەکەی دەسەڵات بچووککردنەوە و بگرە ئیهانەیەکیش بوو بۆ دەسەڵاتی کوردی بوچ هەموو باشووری کوردستان بە رووی بەغدادا. ئاخر ساڵی پار بودجەی باشووری کوردستان بەینی 8 تا 9 ملیار دۆلار بوو (بۆ نزیکەی 3 تا 4 ملیۆن کەس) کەچی وڵاتی یەمەن هەر ساڵی پار بودجەی 4 ملیار و نیو بوو (بۆ زیاتر لە 30 ملیۆن کەس). لەگەڵ بوونی ئەو هەموو پارەیەشدا ئەوەتا دەسەڵاتی کوردی ئامادەیی تیایە کە تەواوی پرۆسەی هەڵبژاردن و بگرە باری تەواوی سیاسی پشێوی تێبکەوێ لەبەر مەسەلەی بودجەی هەڵبژاردن کە ئایا دەسەڵاتی کوردستان مسۆگەری بکات یا بەغدا. لەم ململانێیەدا دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی ئەوەیان پیشاندا کە ئەگەر بەغدا نەخوازێ مەرجەکانی هەڵبژاردن مسۆگەر بکات، بە تایبەتی بودجەی هەڵبژاردنەکان، ئەوا دەسەڵاتی کوردی ئامادەنیە ئەو کارە بکات. . .

دەربارەی ناهاوسەنگی لە ئیمکاناتە مادیەکان لە نێوان لیستەکانەوە، هیچ گومانی تیا نیە ناهاوسەنگیەکان زۆرن وە ئەوەشە دەسەڵاتی پارتی و یەکیەتی سوود لە ئەو هەموو ناهاوسەنگیە وەردەگرێ و تا بتوانێ بەکاریدەهێنێ بۆ مانەوەی خۆی لە ترۆپکی دەسەڵات بۆ ماوەیەکی درێژتر.

*هەر بژین، سەرکەوتوو بن*
*سوپاس بۆ پرسیارەکانت*

**پرســـــار لەلایەن: هاشم موحەممەدی hashem mohammadi**

بەڕێز کاک دۆکتۆر بۆرهان یاسین ، زۆر بە خێر هاتی بۆ مەڵپەری سەربەخۆ ، سەکۆی سەربەخۆ خوازەکان!

من چەند پرسیارێکم هەیە لە جەنابت هیوا دارم کە وڵامم بە پۆختەیی بدەیتەوە!

1ـ ئا یا ئەو سیاسەتەی کە ئەورۆ سەرکردایەتی کورد لە کوردستانی باشور پێڕەوی لێ دەکات دەتوانێ لە داهاتوو دا زامنی ماف و ئازادیە ئینسانی و سیاسییەکانی کورد بکات؟ یان دیسان لە بازنەی سیاسەتی وڵاتە ناوچەیی و زلهێزەکان دا وون دەبێت؟، بە لە بەرچاو گرتنی مێژووی کورد و وڵاتە داگیر کەرەکانی کوردستان و سیاسەتی وڵاتانی ، کۆلۆنیالیسم و زلهێزی جیهان کە هەر دەم لە بەر وەدەست هێنانی مەنافعی خۆیان لە مەسەلەی کورد وەک ئیمتیاز وەرگرتن لە وڵاتانی داگیر کەر کەڵکیان وەر گرتووە.

2ـ بە بیر و بۆچونی من و زۆر کەسی دی سیستمی دێمۆکراسی و فیدرالیزم هەر کام بۆ خۆیان فەرهەنگ و کەلتوری تایبەت بە خۆیان هەیە لە تەقسیماتی ئیدار و ناوچەی یەکان دا، وە لەو شوێنانەی کە ئەو دوو سیستمانە دەیانهەوێ جێبکەون دەبێت پێشرەفتی کەلتوری، فەرهەنگی، داب و نەریت و ئەو سیستمەی کە لە پێش دا لەو شوێنە حوکمی کردەوە لە بەر چاو بگیرێن وە حەتتا سیستمی کۆمەڵ ناسییەکەشی، بەلام ئەو دوو سیستمە لە هەر وڵاتێک دا یەکێکیان جێبکەوێت ئەوی دیش بە ئاسانی دەتوانێت جێبکەوێت چوکە لە زۆر بوار دا کەمێک بە زیادی و کەمێک بە کەمی وەک یەک دەچن هەر بۆیە لە زۆر بوار دا دەتوانن تەواو کەری یەک بن، بەڵام ئەمەشمان لە بیر نەچێت بۆ ئەوەی ئەو دوو سیستمە لە وڵاتێک یا لە ناوچەیەک جێبکەون دەبێت زەمینە سازی بۆ بکەن مەرحەلە بە مەرحەلە و قۆناغ بە قۆناغ، وە دەبێت کەلتوری خەڵکەکە و سیستمی کۆمەڵناسیی وڵاتەکە توانای هەزم کردنی ئەو دوو سیستمەی هەبێت بە لە بەر چاو گرتنی ئەو فاکتۆرانەی کە لە سەرەوە باسم کردن، من وەک خۆم لە گەڵ ئەوە دام کە هیچ کات سیستمی دیمۆکراسی بە شەڕ و زۆر جێناکەوێت، چونکە کەلتورت تایبەت بە خۆی هەیە کە دەبێت لە پێش دا جێبکەویت، وەک نەخۆشێک وایە کە پێویستی بە عەمەلیات هەبێت بەڵام بیانهەوێت بە دەرزی لێ دان چارەسەری نەخۆشییەکەی بکەن، پرسیارەکەی من لێرە دایە ، ئایا ئەو دوو سیستمە، دیمۆکراسی و فیدرالیزم کە لە چ لە پێش ڕژیمی بەعسی و پاش ڕۆخانی بەعس و ئیستاش سەرکردایەتی کورد لە باشووری کوردستان داوایان دەکردوو وە بە هێڵی سوور ناوی دەبەن ئیستاش هەر بەر دەوام پێشنیاری دەکەن کە لە ناو قەبیلە و خێڵەکان و لایەنە عێراقییەکانی دی بە کردەوە دژایەتیان کردووە بەڵام هەمیشە لە گفتو گۆکاندا باسی دەکەن، ئەگەر ئەو دوو سیستمە سەر نەکەوێت بەو شێوەیەی کە ئەوان بیانهەوێت جێنەکەوێت، بەردەوام کۆسپی بهێننە سەر ڕێی و تا بێت کە حکومەتی ناوەند بەهێز تر بێت کۆسپی زۆرتر دەێتە سەر ڕێ، هەر وەها حکومەتی ئۆباماش وتی دەبێت کوردە کان داوای مافی خۆیان لە حکومەتی عێراق بکەن نەک لە حکومەتی ئەمریکا، لە پاش هەژدە ساڵ حکومەتی نیمچە سەربەخۆی کەم کەم دەسەلاتی هەرێم کەم بکرێتەوە پاس هەژدە ساڵ درووشمی فیدرالیسم و یەکێتی خاکی عێراق کە دەرخواردی خەڵکی کوردستانی باشووریان دەدا ئەو کات دەبێت چی بکەن؟ و دەتوانن چیکەن؟ ئایا دێر نییە و کات بەسەر نەچووە؟ ئەم جار دەتوانن پاش ئیستراتێژییەکی شکستخواردوو بە دوای ئیستراتیژیکی دی دا بگەڕێن؟ ئایا دەتوان لەو کاتەش دا کە حکومەتی عێراق خۆی گرتووە ئەو سیاسەتە نوێە کە هیچ پشتیوانێکی نییە بیسەپێنن؟ هەر وەک لە سیاسەت دا وایە کە ئەگەر هێز و توانات هەبوو دەتوانی فکر و ئەندیشەی خۆت بسەپێنیت هەر جەند ڕەواش نەبێت. ئەو کات هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد لە باشوور چی دەبێت ؟ ئایا خەڵک پشتیوانیان لێ دەکەن پاش ئەو هەموو گوندەڵییە؟ لە هەموو گرنگ تر ئایا باش نەبوو هەر لە ئەوەڵ دا داوای سەربەخۆی و دەوڵەتی کوردی بکەن؟ هەر چەند دووژمنانی ئەو فکرە زۆرن بەڵام خۆ قەد کەم ناکەن هەر ئەو دووژمنانەن کە لە ئیستا دا دژایەتی دەکەن ، لە داهاتووش دا هەر ئەمانەن.

3ـ کەرکوک دڵی کوردستانە و زۆر لە شۆڕش و بزتنەوەی کورد لە سەر کەرکوک شکستی هێناوە بە واتایەکی دی کەرکوک نەیهێشتووە بزوتنەوە کوردییەکان لە کوردستانی باشوور سەرکوتن بەدەست بهێنن چونکە هەمیشە وەک ناوچەیەکی ئیستراتیژیکی نێوی برداوە و ساحیبی کانزای نەوتە کە هەمیسە بەرهەمەکەی دژ بە کورد بەکار

هینراوە کەرکوک و بەشێکی دی لەو ناوچانەی کە بە دەست حکومەتی بەعسی رۆخاو دیمۆگرافیاکەی گۆراوە و جۆگرافیاکەی تێکدراوە ، هەر وەک ئاگاداری لە مادەیەکی دەستووری دا خۆی نوواندووە بە ناوی مادەی 140 سەرکردایەتی کوردستانی باشوور زۆر نەرمی نوواندووە لە بەرامبەر حکومەتی عێراق و ئەو هێزانەی کە دژی ئەوەن کە کەرکوک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان وە شەقامی کوردی لە باشوور دژی ئەو سیاسەتەی حکومەتی هەرێم بوونە. کاتی بەسەر چوونی ئەو مادەیە جار ، دووجار نوێ کراوەتەوە هەندێک لایەن باسی ئەوە دەکەن کە ئەو مادەیە کاتی بە سەر چووە بەلام سەرکردایەتی باشوور ئەو هەوڵە رەد دەکەنەوە ، لە لایەکی دی هەندێک لە دەوڵەتە ئیقلیمیەکان هەمیشە بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان بۆ مادەی 140 دەربرییوە و داوایان کردوە کە چارەسەری ئەو مادەیە دەبێت لە دەرەوەی دەسەلاتی هەرێمی کوردستان دا بێت،. بە لە بەر چاو گرتنی مێژووی کورد لە باشوور لە گەل ئەو 2، 3 فاکتەی کە لە دەسپێکی ئەم پرسیارەم لە سەرەوە باسم کرد بە بیر و بۆچوونی جەنابت ئەگەر مادەی 140 جێبەجێ نەکرێت هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد لە باشوور چی دەبێت؟ ئایا بێ دەنگ دەبن؟ یان هەڵوێستێک وەر دەگرن کە لە گەڵ ئیستراتیژیکی پێشوو دا نەگوونجێت؟بۆ دەبێت سەرکردایەتی کورد لە باشوورهەوڵ بدات بۆ ئەوەی کە زەمانەت بدات بە حکومەت ناوەندی کە لە عێراق جیا نابێتوە! بەڵام حکومەتی عێراق تەزمینی ئەو مافانەی کورد ناکات کە لە لایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە کورد زەوتکراوە؟ پێت وا نییە ئەوە لاوازی سەرکردایەتی کورد لە باشوور نیشان دەدات؟

4. هەموو ئینسانەکان قابیلی هەڵەن، ئەوە مردووە کە هەڵە ناکات چونکە لە رەوتی پێشکەوتن دا نین، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەو ئینسانانە بتوانن بەشێک لەو هەڵانەی کە دووچاریان بوون ڕاستکەنەوە، سەرکردایەتی کوردیش دووچاری هەندێک هەڵەی گەورە بوون کە بەشێک لە خاکەکەی خۆیان خستە ناو مادەیەکی نا ئەمنەوە تا ڕێفراندۆمی لە سەر بکرێت، دەبێت بڵێم هەڵەکان هەم سیاسی بوون هەم جۆگرافی وە هەم مێژووی لەوانەیە ببنە هۆی بچڕاندنی بەشێک لە خاکی نەتەوەو میللەتەکەمان، من پرسیار دەکەم کە ئایا بە بیر و بۆچوونی جەنابت کاتی ئەوە نەگەیشتووە کە سەرکردایەتی کورد بە خۆیان دا بچنەوە و ئەو هەڵانەی کە دووچاریان بوون ڕاستکەنەوە؟

5ویلایەتی موسڵ لە مێژووی عێراق و کوردستان و تورکیە دا وەک ناوچەیەکی ئیستراتیژیک ئەژمار هاتوە و هەمیشە یەکێ لەو ناچە حەساسانە لە ناوچەکەبووە، یەکێ لەو ویلایەتە گرنگانەش بوو کە بووە هۆی دروست بوونی عێراقی ئەمرۆ، وەک لە مێژووش دا وەک بەشێک لە خاکی کوردستان دێتە ئەژمار ، بەلام تاکوو ئێستا سەرکردە سیاسیەکانی کورد لە باشوور گرنگی ئەوتۆیان بەو ویلایەتە نەداوە لە گەڵ ئەوەش دا گرووپە توندڕەوەکانی ئەو ناچەیە هەمیشەهەوڵی ئەوەیان داوە کە کوردەکان لەو ناوچانە دوور بخەنەوە! هۆکاری بێ دەنگی و گرنگی نەدانی سەرکردایەتی کورد بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

6. ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستی گەورە و بچووک ، دوور و نزیک (خاوەر) قارەی ئاسیا ،ئۆرووپا و ئەفریقا بەیەکەوە دەبەسێت، وە بە هۆی بوونی کانگای ژێر زەوی، هەڵکەوتی جۆگرافیای ،بوونی کەنداوی فارس ، چاڵەنەوتیەکانی قەفقاز و لە دایک بوونی ئایینە ئاسمانیە کان لەم ناچەیە دا وەک ئیقلیمێکی پڕ ئیستراتیژیک بە ئەژمار هاتووە وە جێ پێی وڵاتە زلهێزەکان بووە، بەڵام لە پاس شەڕی جیهانی دووەم بە هۆی ئەوە کە هەندێک لەو وڵاتانە لە شەر دا زەربەیان لێ کەوت کەم کەم ئەو ناوچەیان چۆڵ کرد تا لە کۆتایەکانی 1948 یەکێ لە سیناتۆرە دیمۆکرات خوازەکان لە ئامریکا بەرنامەی دیمۆکراتیزە کردنی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی هێنایە بەر باس ، نەتەوەی کوردیش وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە سەر خاکی خۆی و لەم ناوچەیە دا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات بە بێ مافە سیاسی و ئینسانیەکان، وە ڕۆژانە دەیان و سەدان لاوی ئەم نەتەوەیە لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەچنە بەندیخانەکانەوە بۆ ئەوە کە خوازیاری مافی ئینسانی و سیاسی خۆیان بوونە ،ئێستاش بەهێز تەرین وڵاتی جیهان بە درووشمی دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هاتووەتە ناوچەکەو یەکێ لە سیستمە هەرە دیکتاتۆریەکانی ئەم ناچەیەی رۆخاندووە. بەشێکی زۆر لە مافەکانی ئێمە وەک کورد لە دیموکراتیزە کردنی ناوچەکە دایە، یانی ئەو

شۆعارەی کە ئەمریکا هەڵی گرتووە وەک یەکێ لەئامانجە هەرە گرنگەکانی ئێمە دێتە ئەژمار، بە بیر و بۆچوونی جەنابت سەرکردایەتی کورد لە باشوور بە قەدری پێویست توانیوێتی لە کارتی بوونی هێزەکانی ئەمریکاو ئاڵۆزی عێراق و دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە بۆ قازانج و بەرژەوەندیەکانی خۆی بە کار بهێنێت؟ ئەگەر نا ! بۆ؟

7.لە شاهنامەی فارسی دا لە گەورویەکانی کورد کەم کراوەتەوە و وەک قەبیلە ناوی بردراوە لە هندێک شوێندا بێ ڕێزیشی پێ کراوە، داستانی ئەفسانەی کاوەی ئاهنگەریان وەک لە دایک بوونی کورد و دەسپێکی دەسەڵاتی فارسی ناویان بردووە ، یانی کوردیان وەک یەکێ لە قەبیلە فارسەکان ناو دێر کردووە، جەنابت وەک کەسێک شارەزا لە مێژوو دا ئەو هەوڵانە چۆن دەبینیت؟ هەر چەند لە دووژمن دەبێت لەوە زیاتر چاوەڕێ بکەین، زۆر سپاست دەکەم کاک دۆکتۆر بورهان یاسین بۆ ئەو دەرفەتەی کە ڕەقساندت لە نزیکەوە پرسیارەکانت ئارەستە بکەم، هاشم موحەممەدی نۆروێژ

**ڕێکەوتی پرسیارکردن: 2009-04-26 00:10:41**

**سڵاو کاکە هاشم**

**چاوەکەم فەرموو، هەوڵ دەدەم پرسیارەکانت وەڵامبدەمەوە**

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:**

**من دەمێکە ترسم هەیە لەوەی سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان بەو فەلسەفە سیاسیەی کە پەیڕەویدەکات، کە هێشتان هی باوەڕبوونە بەوەی کە لە ڕێگەی چۆکدانان دوای چۆکدانان و سازش دوای سازش دەخوازێ کوردستان بە توندی بگەڕێنێتەوە ناو قەفەسی دەوڵەتی عیراق، کورد لە باشوور بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەبات. بە باوەڕی من، ئەوەی من پێیدەبێژم ئەسیربوونی ئەو سەرکردایەتیە بۆ فکری ئۆتۆنۆمی (واتە ئۆتۆنۆمیزم) بەرپرسە لەو حاڵەتی بنبەستەی کە کورد لە باشووری کوردستان پێیگەیشتووە لەگەڵ بەغدادا. بەو مانایەش نابێ هەموو شتەکان (یا ڕاستتر بڵێین شکستەکانی کورد) بدەینە پاڵ کۆلۆنیالیزم و زلهێزەکان. . . دوای کەوتنی دکتاتۆری عیراق و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عیراق کورد دەیتوانێ ئەوە بکاتە داخوازی کە بەڵێ لە دامەزرانەوەی عیراق دەبێ پرسبکرێ بە کورد وە هەر ئەوەش بوو کە داواکاری بزاڤی ریفراندەم بوو. لە ڕاستیدا کەسایەتیەکی عەرەب وەك ئەحمەد چەلەبی تێگەیشتنی زیاتری پیشاندا لە ئەو داواکاریەی ریفراندەم لە خودی سەرانی کورد، کاتێك ئەو داواکاریەی ریفراندەم گەیشتە بەردەم مەجلیسی حوکم (لە کۆتایی فیبریوەری** 2004). . .

**پرسیاری دوو و سێ وەکوو بۆچوونی خۆت دەخوێنمەوە**

**وەڵامی پرسیاری چوارەم:**

**وا دەزانم زۆر دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە سەرکردەکان بە خۆیاندابچنەوە، بەڵام ئەوە ناکەن. ئەوانەی بەخۆداناچنەوە چەند خەسلەتێکیان تیایە کە دەکرێ لە هەمانکاتدا ئەو خەسلەتانە هۆی ئەو بەخۆدانەچوونەوەیەش بێت:**

1) کاتێ مرۆڤ ئامادە نیە بە خۆیدا بچێتەوە ئەوا دوو جار ڕێز بۆ مێژوو دانانێ: یەکێکیان بۆ ئەو مێژووەی کە ڕوویداوە وە ئەویتریشیان ئەو مێژووەی کە سبەینێ دەنووسرێتەوە. . . من لە کاتی شەڕی خۆکوژی (کە هەندێك پێیدەبێژن شەڕی ناوەخۆ) ئەوەم جختکردووەوە کە بەڵێ ئەوانە شەڕی براکوژیان قەبوڵە و بگرە وەك ئاغاکانی جەنگ ئەو خۆکوژیە بەرپادەکەن و سەرکردایەتی دەکەن دوو جار ڕێز بۆ مێژوو دانانێن: 1- ئەگەر لە ڕابردوودا ململانێکانی نێوان کورد (خۆ بە خو) پشتشکێن بووە بۆ کورد وە ئەگەر ئەو ململانێیانەش بەشی گرنگ بووبن لە مێژوومان و ئەو مێژووە ریزی بۆ دانەنرابێت و پێداچوونەوەی بۆ نەکرابێ، ئەوا دەبێ پشتڕاست بین ئەم جۆرە سەرکردانە ئامادەی بەخۆداچوونەوە نین وە نابن؛ 2- لە ترسی ئەوەدا نین کە مێژوو سبەینێ چ بۆ ئەو براکوژی و نەتەوە کوژییە دەنووسێ. . .
2) بەخۆداچوونەوە ناکات چونکە حسێب بۆ ئیرادەی ئەو خەڵکە ناکات کە سەرکردایەتیان دەکات.
3) بەخۆداچوونەوە سیفەتێکە تەنها لە کولتوری دیموکراسیدا جێگەیدەبێتەوە، بەخۆداچوونەوە نەك هەر قەبوولکردنی رەخنەیە بەڵکو بەڕاشکاوی رخنە لەخۆ گرتنیشە.

وەڵامی پرسیاری پێنجەم:
واپێدەچێ یەکێك لە هەڵە هەرە گەورەکانی کە لە بزاڤی سیاسی باشووری کوردستان لە بیستەکانی سەدەی رابردووەوە واتە هەر لە دامەزرانی دەوڵەتی عیراقەوە و دانی ویلایەتی موسڵ بە عیراق (و بریتانیای مونتەدیبە) لە ساڵی 1926 ئەوە بووە کە کورد هەر زوو وازی لە کێشەی موسڵ هێناوە: لە ڕاستیدا بە پلەی یەکەم کێشەی ولایەتی موسڵ کێشەی کورد بوو بەڵام هەر زوو کورد خۆی قەبوولێکرد کە ئەو کێشەیە کێشەی ئەو نیە بەڵکو هی تورکیا لە لایەك وە عیراق و بریتانیایە لە لایەکی ترەوە. ئەمە گەورەترین پێزانین بوو وە دواتر ڕێگەخۆشکەر بوو کە ئیتر دواجار کورد نەك هەر چارەنووسی ویلایەتی موسڵ بە کێشەی خۆی نەزانێ بەڵکو بە شەرمنیەوە باسی شاری موسل و دەوروبەریشی کردوەو دەکات. هەر بۆ ئاگاداری خۆتان یەکێك لە پێنج تەوسیەکانی کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵی 1925 ئەوە بوو کە ئەگەر حوکم عادیلانە بێت ئەوا ولایەتی موسل دەبێ بدرێت بە خەڵکی ولایەت کە ئەو کاتە زۆربەی کورد بوون.

لە خستنە سەری موسڵ (کەم یا زۆر، باشووری کوردستان) بۆ سەر عیراق تەنها رەچاوی دەوڵەمەندی ئەو ناوچەیە بە نەوت نەبوو بەڵکو هۆیەکی گرنگیش دروستکردنی هاوسەنگ مەزهەبی بوو لە عیراق (عیراق بە باشووری کوردستانەوە) چونکە بەبێ ولایەتی موسل، شیعە لە عیراق دەبوو بە نزیکەی 90٪ی دانیشتوانی عیراق بەرامبەر بە 10٪ سوننە. ئەگەر ئەوەش ڕوویبدایە مانەوەی بەریتانیا لە عیراق مومکن نەدەبوو وە دەوڵەتی عیراقیش مومکن نەدەبوو. . .
تێبینی: مەبەست لە ولایەتی موسڵ نەك هەر شاری موسڵ و دەوروبەریەتی بەڵکو موسڵ و دهۆك و هەولێر و کەرکوك و بگرە هەندێ ناوچەی تریش، کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە لایەن عوسمانیەکانەوە ئیدارە دەکرا وە ولایەتێك . . .

**وەڵامی پرسیاری شەشەم و حەوتەم:**

**لەبەر کەمی کات هیوادارم بتوانم لە دەرفەتێکی تردا وەڵامت بدەمەوە. بەڵام لە کتابی هەرە دواییم کە بە ناوی *عیراقی دوای سەددام و چارەنووسی باشووری کوردستان* زۆر باس و خواسی تیایە بە پەیوەندی لەگەڵ پرسیاری 6 و 7. کتابەکە لە ماڵپەڕەکەم بەرچاودەکەوێت.**

***هەر بژین، سەرکەوتوو بن***

***سوپاس بۆ پرسیارەکانت***

**پرســـــار لەلایەن :هە ژار کە رکوکی**

پیشە کی بە خیرهاتنی بە ریزت دە کە م و سوپاسی سایتی سە ربە خو دە کە م

بو ئە وهە موو هە ولە ی لە پیناو کورد و کوردستان ئە بدات.....

پرسیار

1- راو بوچونتان چونە بە زمانیکی یە کگرتوو بوگە لە کە مان و پیشبینیتان بو چ زمانیك باشە

2-ئایا کوردستانی باشوور لە حکومە تی هە ردوو (بوش) پە رلە مان و هیلی36 ی بە دە ست هینا بە بروای ئیوە لە حکومە تی (ئوباما)چی بە دە ست دە هینی

یان چی لە دە ست ئە دا

3- راو بو چونت چونە بە رانبە ر بە (پسك) و پاشە روژی چون دە بینی

4- ئایندە ی حکومە تی ئە حمە دی نە ژاد لە رووی سیاسیە وە لە گە ل ئە مریکا

بە چی دە گات ئایە بە رای ئیوە قە یرانە کە بە رە و ئاسایی بونە وە ناروات....

لە گە ل ریزم

**ڕێکەوتی پرسیارکردن: 26-04-2009 01:11:07**

**سڵاو کاکە هەژار**

**چاوەکەم فەرموو، هەوڵ دەدەم پرسیارەکانت وەڵامبدەمەوە**

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:**

**پێشەکی من تایبەتمەندی و پسپۆڕیم زمان نیە وە لەبەر ئەوەش بەشداریم نەکردووە لە گفتوگۆ و ململانێکانی نێوان نووسەران و خەڵکانی تر کە لە ماوەی دواییدا لەم بارەیەوە کراون، چوونکە بە راستی گفتوگۆکان بە ئاقارێکی ترسناکدا رۆیشتووە و گەیشتۆتە شێوەیەك لە ململانێی هەندێ "شۆڤینیستی" بەهدینی و سۆرانی. وەکوو راستیەکی مێژوویی ململانێی پارتی و یەکیەتی لە ماوەی زێتر لە 30 ساڵدا بە تایبەتی دوای شەڕی خۆکوژی کە لە 1-5-1994 دەستیپێکرد کوردستانی سەرلەنوێ بە دیفاکتۆ دابەشکرد بە دوو "ئیمارەتی" بەهدینان و ئیمارەتی سۆران. . .**

**یەکبوونی زمان لە مێژوودا زۆر بەستراوی پرۆسەی بەدەوڵەتبوونە. بەلام بەگشتی یەکبوونی زمان لە سێ ڕێگەوە فەراهەمبووە لە مێژووی میللەتاندا: 1) لە ڕێگەی کتابێکی موقەدەسەوە. . . 2) لە ڕێگەی شاکارێکی ئەدەبی یا مێژووییەوە. . . 3) لە ڕێگەی بریارێکی سیاسیەوە. . .**

به باوەڕی من لە 18 ساڵی رابردوو کورد لە باشوور هەلێکی زێڕینی لەبەر دەم بوو بۆ ئەوەی کێشەی یەکزمانی چارەسەر بکات. . . زۆر بەداخەوە نەهاوێشتنی ئەو هەنگاوە هیچ پەیوەندی بە هێزە کۆلۆنیال و داگیرکەران و ئەوانی تر نیە. . . نەهاوێشتنی ئەو هەنگاوە پارتی و یەکێتی لێی بەرپرسیارن. ئەوە ناکارامەیی ئەو دەسەڵاتە دەردەخات. ئەوان رۆلی لەتبوونی نەتەوەیان بینی و ئەسلەن گومانیش هەیە کورد مەرجەکانی نەتەوەبوونی تەواوکردبێ. . .

وەڵامی پرسیاری دووەم:

چاوەکەم ئەمە پرسیارێکە، هەڵبەتە وەك پرسیاری بەرێزەکانی تر، پێویستی بە کات و جێگەی زۆر هەیە. بە هەر حاڵ مەسەلەیەکی یەکجار گرنگ ئەوەیە کە ئێمە لە تێڕوانینێکی زانستیانە و لە رووی سیاسی عەمەلیشدا پێویستە هەر دوو دیوی دراو ببینین: دیوێکی دراو پرۆژەی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی دەوڵەتی عیراقە (وەك پرۆژە) و لە وێشدا هەر نەبێ سێ شت گرنگن؛ 1- هەڵوەستەی کورد لەم پرۆژەیە؛ 2- هەڵوەستەی ئەمریکا لەم پرۆژەیە؛ 3- پەیوەندیەکانی سوننە و شیعە لەگەڵ یەکتردا لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا. لە لایەکی ترەوە دیوەکەی تری دراو سیاسەتی ئەمریکایە و لەوێشدا ئەو سیاسەتە بەرامبەر جیهانی ئیسلامی، بەرامبەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی دەوڵەتە زلهێزە ئەقلیمیەکان وەکو تورکیا و ئێران و سعودیە و ئەوانی ترو هەروەها ئەو سیاسەتە لەمەڕ کورد، هەر چەندە تا ئێستا مامەڵەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەناوە دەکرێ.

به راشکاوی ئەم پرسیارە کاتێکی یەکجار زۆری دەوێ. دەبێ ببوری کە وەڵامەکەم کورت دەبێ.

ئەمریکا دەوڵەتی دامەزراوەیە و کەچی راستیشە گۆڕانکاری لە سەرۆکایەتیدا کاریگەری دەبێ، بەڵام ئەوەی گرنگە و چارەنووسسازە شێوەی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندن و هەڵسوکەوتی ئەم دامەزراوانەیە. هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین ئێستا باس لە بۆچوونی سەرانی هێزی لەشکری ئەمریکا لە لایەك وە بۆچوونی ئوباما لە لایەکی ترەوە دەکرێت. وە لە روشنایی ئەوەوە مەسەلەی خۆکێشانەوە هەر لە ئێستاوە خەریکە گۆڕانکاری بەسەردادێت لەوەی کە ئوباما وەعدیدا بەر لە هەڵبژاردنیدا. . .

ئەوەش گرنگە مرۆڤ بزانێت کە ئەمڕۆ ئیتر کێشەی کورد و جوگرافیای کوردستان بەستراوی تەواوی ئەو کێشانەیە و کاریگگەری ئەو کێشانەی لەسەرە کە هەرنەبێ لە پاکستانەوە تا قۆقاز و روسیا و خەلیج و تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن. لەم هاوکێشەیەدا عیراق تەنها بەشێکە وە بە پێی ئەم بۆچوونە بەیەکەوە دیتن و گرێدانی بەشەکانی دۆزی کورد زەروورەتێکە رۆژ دوای رۆژ خۆیدەسەپێنێ، بە تایبەتی لە بۆچوونێکی ئەوهادا. ئەوەتا بۆ نموونە شارەزایەکی ئەمریکی خاوەن کاریگەری زۆر لەسەر ئیدارەکانی ئەمریکا (جا بوش دەبێ یا ئوباما) ، بە ناوی هێنری بەرکی، لە راپۆرتەکەی هەرە دواییدا باس لەوە دەکا کە ئەمریکا دەبێ پارچەکانی کێشەی کورد بە یەکەوە ببینێ. . .

بەو مانایەی سەرەوە مەسەلەکان بە توندی لە رەهەندی جیا جیایادا بە چڕی پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە. لێرەشدا سێ شت بە تایبەتی گرنگ و چارەنووسسازن:

1- پەیوەندیەکانی شیعە و سوننەی عەرەب لە عیراق بەرەو چی دەچن، بە بێهیواییی تەواو دەبێ یا بە پێچەوانەوە لە چوارچێوەیەکی عروبیدا یەکتر دەگرن و بەم شێوەیەش هەم پرۆژەی دەوڵەتی عیراق مومکن دەکەن وە هەم پاشاکشە بە کورد دەکەن؟ ئەم دووە دوو سیناریۆی گرنگن؛

2- تا كەی وە تا چەند ئەمريكا بەردەوام دەبێت لە بە هيوابوونی بە پرۆژەی دەوڵەتی عيراق؛

3- تا كەی وە تا چەند و تا چ سنورێكی تەنازول و سازشكردن، بۆ لايەنی عەرەبی، كورد دەڕوات و قەبووڵ دەكات. ئايا كاتێك دێت ئيتر سەرانی باشوور بگەنە قەناعەت كە ئيتر بواری تەنازول بۆ لايەنی عەرەبی لە عيراق نەماوە؟ ئايا ئەسلەن ئەو كاتە دێت؟

گرنگە دواجار ئێمە ئەم سێ خاڵە بەيەكەوە گرێبدەين و لە يەك رۆشناييدا بيانبينين. . . . . .

هيوادارم لە بوارێكی تردا وەڵامی پرسياری 3 و 4تان بدەمەوە.

***هەر بژين، سەركەوتوو بن***

***سوپاس بۆ پرسيارەكانت***

**پرســـار لەلایەن: Rebwar Ahmedzade**

پێشەکی لە ناخی دڵمەوە بەخێرهاتن دەڵێم بە بەرێزورێزدار کاک دوکتۆربورهان یاسین.هیوای سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

زۆر خۆشحاڵم کەدەبینم جەنابتان کەسایەتیەکی سەربەخۆ خوازن،هیوادارم نوونەتان رۆژدوای رۆژ لە پەرەسەندن دابێت.هەروەک خۆشبەختانە ئاواش دێتە بەرچاو.

دەمێکە پرسیارێک لەلام قووت بۆتەوە و بەدوای وەڵامەکەی دا دەگەڕێم و پێم خۆشە لەو هەلەدا کەماڵپەڕی سەربەخۆ بۆ خوێنەرانی خۆی رەساندووە،پرسیارەکەم ئاراستەی جەنابتان بکەم ئەویش ئەوەیە:

هۆی چیە کە داگیرکەرانی کوردستان لە هەمو سات و کاتێکدا تەنانەت لە کاتی شەڕوجەنگ و ناکۆکی لەتەک یەکتریشا،لەهەمبەرکورد و کوردستان یەکگرتوون و هاریکاری یەکتری دەکەن؟

سەرکەوتووبن

**رێكەوتی پرسیاركردن: 13:56:42 30-04-2009**

**سڵاو كاكە رێبوار**

**سوپاس بۆ ئەو هەموو لوتفە جوانەت**

**چاوەكەم فەرموو، هەوڵ دەدەم پرسيارەكانت وەڵامبدەمەوە**

**وەڵامی پرسيارتان:**

**چاوەكەم ئەم پرسيارە هەرچەندە زۆر جار كراوە و دەشكرێ بە بەردەوامی بەڵام گرنگی پرسيارەكە هەر لێرەيەو گرنگيەكەشی قەت كەمتر نەبۆتەوە. پرسيارەكە بۆ چاڵاكڤانانی بواری كوردەواری هەروەها بۆ ئەوانەی خەريكی لێكۆڵينەوە و نووسينن دەربارەی كورد. زۆر بە كورتی ئەم حاڵەتە زياتر رەنگدانەوەی يا راستتر بڵێين دەرهاوێشتەی هەندێ شتن:**

1- **دەوڵەتە داگيركارەكان وەك دەوڵەت هەڵسوكەوت دەكەن وە لەو چوارچێوەيەشدا بەرژەوەنديەكانی ئەو وڵاتانە، كە هەر كات وەكو بەرژەوەندی نەتەوەيی ئەو وڵاتانە دەناسێنرێن، وەكو خاڵی لێوەدەرچوون پاڵدەرە بۆ ئەو دەوڵەتانە؛**

2- به پێچەوانەی لایەنی کوردی یا لایەنە کوردیەکان هەر یەك لەو دەوڵەتانە وەك ئەکتەرێکی یەکبوو بە یەك سیاسەتی دەرەوە بە یەك هێزی لەشکری بە یەك ستراتیژ و لە ژێر یەك ئاڵا هەڵسوکەوت دەکەن. جا لە راستیدا ئەوە هیچ لە شتەکە ناگۆڕێ ئەگەر ئەو وڵاتانە بە سیستەم دکتاتۆری بن یا نا، گرنگ ئەوەیە ئەو دەوڵەتانە چوارچێوەی دامەزراوەیی هەیە و ئەو چوارچێوانەش کارئاسانی دەکەن بۆ هەمئاهەنگیان لە مەڕ کێشەی کورد؛

3- راست نیە گەر بڵێین لە هاوئاهەنگی ئەو وڵاتانەدا کورد تەنها بێگوناه و قوربانی بووە. نەك هەر ئەوە بەڵکو لایەنە کوردیەکان نەك لە ئاستی تاکتیکی بەڵکو لە ئاستی ستراتیژیشدا زۆر جار هاوئاهەنگیان لەکەڵ دوژمنان پشتشکێن بووە بۆ هێزێکی تری کوردی یا بۆ بزاڤی کورد لە بەشێکی تری کوردستان. لەم بارەیەشەوە نموونە ئەوەندە زۆرن کە بۆ هەژمارکردنیان کات و وزەی زۆرمان گەرەکە؛

4- حەز بکەین یا نا، با ناویشمان لە بزاڤە کوردیەکان نابێ بزاڤی نەتەوەیی، لە راستیدا ئەم بزاڤانە هێشتان لە مەرجە سیاسی و ستراتیژیەکاندا بە نەتەوەبوونی کامڵی بەخۆوە نەبینیوە. ئەگەر نا با بڵێین سنوورەکان و کاری هاوبەشی رژێمە داگیرکەرەکان رێگر بووە لەبەردەم کاری هاوبەشی کوردستانی (لە نێوان پارچەکاندا) ئەی بۆ لە هیچ بەشێکی کوردستان بە باشووریشەوە تا ئێستا کورد نەیتوانیوە لە یەك پارچەی کوردستانیش بە نەتەوەبوونی خۆی لەسەر کاری هاوبەشی ستراتیژی بینا بکات ؟ چ رێگرە، دوژمن یا کورد خۆی لەو حاڵەتی کاڵ و کرچییەی کە نەتەوەبوونی کورد بەخۆیەوە دەیبینێ؟ ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە خەڵکی کورد زۆرجار بەهانەکانی سەرانی کورد لە براکوژی و پەرتەوازەیی و خەنجەر لەپشت یەکتردانیان قەبووڵکردوە بە بەهانەی ئایدیۆلۆژی یا هەر بەهانەیەکی تر، کە لە راستیدا هەموویان لاوەکین و کورتدەهێنن لە ئاست (واتە لە بەرامبەر) گرنگی ستراتیژیی یەکبوونی نەتەوە؛

5- دەگەڕێمەوە و دەڵێم کاتێك دوژمنانی کورد بۆیان ئاسانە و فەراهەمە کە وەکوو دەوڵەت بەرامبەر کورد رەفتار بکەن، حاڵەتی کوردی هی پەرتەوازەیی پارچە پارچەبوونە؛

6- کە کێشەی کورد تا ئێستا لە هیچ لەو وڵاتانە چارەسەر نەکراوە، ئەمە بنەمایەکی یاریدەدەرە بۆ مانەوەی بازنەی دوژمنکاری داخراو لە دەوروبەری کوردستان و بەو مانایەش ئاسانکاریەکە بۆ کاری هاوبەش دژ بە کورد لە لایەن ئەو وڵاتانەوە.

بە هەر حاڵ بە بەراوورد لەگەڵ شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان باری کورد لەم پەیوەندیەدا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە بە ئاقاری پۆزەتیڤدا. . .

*هەر بژین، سەرکەوتوو بن*

*سوپاس بۆ پرسیارەکانت*

**پرســــار لەلایەن :arya ahmadi**
وێرای ڕێزو سڵاو ...

ئایا ئەگەر ئێمە وەک گریمانەیەک ، دەوڵەتی ماد بە دەوڵەتێکی کوردی دابنێین ، دەتوانیین بڵێین نسکۆی ئەو دەوڵەتە یەکەمین قۆناغی مێژووی کۆلۆنیالکردنی کولتوری کوردە ؟

کەڵکوەرگرتن لە ئایین وەک چەکێکی گرنگی ئایدیۆلۆژیا لە لایەن داگیرکەرانەوە ، چەندە کاریگەری لەسەر کۆلۆنیالکردنی کولتوری نەتەوەیی کورد هەبووە ؟
جیا لە ئایین ، فاکتەرەکانی دیکە کە داگیرکەر بۆ کۆلۆنیالکردنی کولتوری کورد کەڵکی لێوەرگرتوون ، چین ؟ ئایا ئایدیا گشتگیرەکان لەوانە ئایدیای کۆمۆنیستی بەشدار بوون لە پرۆسێسی کۆلۆنیالکردنی کولتوری کورد ؟
کاریگەری کۆلۆنیالکردنی کولتوری لەسەر زمانی کوردی چۆن دەبینیت ؟
کۆلۆنیالکردنی کولتوری کورد ، تا چ ئاستێک زەربەی لە کەسایەتی و شوناسی نەتەوەیی تاکی کورد داوە ؟
کولتوری کورد لەم سەردەمەی بەجیهانیبووندا چۆن دەبینیت ؟ لەم سەردەمەدا کە باس لە بەجیهانیبوونی کولتوری دەکرێت و بوونی نەتەوە دەخرێتە ژێر پرسیارەوە ، چی بکرێت بۆ خۆگونجاندن و کەڵکوەرگرتن لە لایەن باشەکانی ئەو کولتورەو ، دوورکەوتنەوە لە لایەنە خراپەکانی کولتورەکەو پاراستنی کولتوری لۆکاڵی خۆمان ؟
چۆن دەتوانیین خۆمان لە کولتوری داگیرکەر ڕزگار بکەین ؟
ڕاگەیاندن چۆن دەتوانێت کولتورسازی بکات ؟ ئەی حیزبە کوردستانییەکان دەبێت چی بکەن ؟

لەگەڵ ڕێزو سپاسی بێپایانم
ئاریا ئەحمەدی
**ڕێکەوتی پرسیارکردن: 2009-05-05 15:30:47**

**سڵاو چاوەکەم، ئاریا ئەحمەدی هێژا**
**چاوەکەم فەرموو، هەوڵ دەدەم پرسیارەکانت وەڵامبدەمەوە**

**دەستخۆش بۆ ئەو پرسیارە جەوهەریانە. لە بابەتێکی گرنگ نزیکبوویتەوە کە گرنگی زانستی و سیاسی زۆرە. لە بارەی ڕۆلی دینی ئیسلام، گومانی تیادا نیە کە ئەم ئاینە وەکو پردی پەڕینەوەی عەرەب بەکاربراوە وە لە پرۆسەیەکی مێژوویی–کولتوریدا دەبێ کورد گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێ بە پێی ئەو کاریگەریە. لەم بارەیەوە هەندێ باس هەن لەوانە بە تایبەتی کتێبەکەی د. ڕەفیق سابیرە بە ناوی *ئیمپراتۆریای لم*.**
**بەشەکەی تر کە زۆر گرنگە وە لە ئاستی کولتوری ڕووتەوە چوەتە ئاستێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی زۆر گرنگ فکری چەپە، بە تایبەتی بیری مارکسی، وە زۆر تایبەتیش کە ئەو بیرە زیاتر لە ڕێگەی چەپی نەتەوە سەردەستەکانەوە وە بە زمانی ئەو نەتەوانەوە خزابێتە ناو یا هێنرابێتە ناو کورد و ناسیۆنالیزمی کوردەوە. لە لایەکەوە بیری چەپ دەوڵەمەندی داوە بە ناوەڕۆکی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕووی جەختکردنەوە لەسەر عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و هەندێك شتی تر، بەڵام لە لایەکی ترەوە چەپی نەتەوەی سەردەست کاریگەریەکی زۆر مەنفی و نێگەتیڤی هەبووە لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی. لە ڕاستیدا سەیر نیە ئەگەر بڵێین بەشێکی گرنگ لە ناسیۆنالیستە کوردەکان یا هەڵقوڵاوی چەپی نەتەوەی سەردەستبوونە وە یا تا ڕادەیەك کەوتوونەتە ژێر**

کاریگەری چەپی نەتەوەی سەردەست، کە ئیتر دەتوانین باس لە لەدەستانی خود یا ئەسیربوونی ئەو خودە بۆ نەتەوەی سەردەست، بە ڕێگەی چەپەکەیەوە، بکەین. جگە لەوەش، کورد بە زۆری لە سەرچاوەکانی فکری چەپ نزیکبۆتەوە لە ڕێگەی زمانی نەتەوەی سەردەستەوە. . . ئەوەتا ئیسماعیل باشکچی، کاتی خۆی کە لە گرتووخانە بووە، ڕخنەی گرتووە لە هەندێك لە چالاکوانانی پکك (کە هەر لەگەڵ خۆیدا لە گرتووخانە بوونە) لەبەر ئەوەی کە گوایە لە لایەکەوە ئەوان بۆ پاراستن و بە ڕەسمیزانینی زمانی کوردی خەباتیانکردووە بەڵام لە لایەکی ترەوە هەرگیز بە تورکی دەئاخێڤن. لە وەڵامی ڕخنەکەی باشکچیدا ئەو چالاکڤانانە دەڵێن "ئاخر ئێمە ئینتەرناسیۆناڵین گرنگ نیە بە چ زمانێك دەدوێین"! ئاخر کێشەکە لەوەدایە بۆ بەشێکی زۆر لە چەپەکان بە تایبەتی پکك زمانی داگیرکار زمانێکی ئینتەرناسیۆناڵە. . .

هەڵبەتە بەشێکی زۆر گرنگ لە پرسیارەکەت دەربارەی گلۆبالیزم و کوردە.

چاوەکەم لەم بارەیەوە دەمێکە خەریکی باسێکم و هێشتان نەگەیشتۆتە کامیڵی بۆ بڵاوبوونەوە. لە بارەی ئەم پرسیارەتەوە هەر نەبێ دەتوانم سێ شت بڵێم:

1- گلۆبالیزم دژایەتیەکی جددی لەخۆدەگرێ: گلۆبالیزم دەتوانێ بۆ کورد هەم دەرفەت بێت وە هەم "هەڕەشە". . .

2- ئەگەر گلۆبالیزم یەك جار هەڕەشە بێت لەسەر دەوڵەت-نەتەوەکان ئەوا دوو جار هەڕەشەیە لەسەر کورد. أ) کورد دەوڵەتی ناوەندی خۆی نیە بۆ ئەوەی سیاسەت و ستراتیژەکانی لە ڕێگەی ئەو دەوڵەتەوە لە چەرخی گلۆبالیزمدا بخەملێنێ؛ ب) ترس هەیە کە بەدەوڵەتبوون لە ناو کوردا، کەچی هەر خۆی پێشتریش لاواز بووە، ئەگەری هەیە لاوازتریش ببێ بە بەهانەی ئەوەی کەوا دەوڵەت ڕۆلی مێژوویی خۆی لەدەستداوە ئیتر کورد بۆچی بۆ دەوڵەتبوون خەباتبکات. ترس ئەوەیە ئەم بەهانەیە، بە هەر هۆیەك بێت، لە ناو ڕەوشەنبیرانی کوردیش دەست بە بانگەشە بۆکردن بکات، کە لە ڕاستیدا پێشتر کراویشە. . .

3- لە چەرخی گلۆبالیزمدا ناسیۆنالیزمی کوردی پێویستی هەیە بە هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنێکی جددی هەمەلایەنە لە گلۆبالیزم و لە ڕۆشنایی ئەوەوە خۆی پێناسە بکاتەوە و خۆی بخەملێنێ، ئەگەر نا کۆمەڵێ ترس لەبەر دەرگەن.!

دیسان سوپاس بۆ پرسیارتان و ببوورە کە کەمی کات وادەکات نەتوانم هەموو پرسیارەکانت وەڵامبدەمەوە. . . ببورە.

*هەر بژین، سەرکەوتوو بن*

*سوپاس بۆ پرسیارەکانت*